وەزارەتی پێشمەرگە ڕاگەیاندراوێک سەبارەت بە خانەنشینی ئەفسەرانی پێشمەرگە بەاودێکاتەوە

وەزارەتی پێشمەرگە ئەمڕۆ یەکشەممە ڕایگەیاندووە، بە پشتبەستن بە بڕیارەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووریی هەرێم، فەرمانێکی وەزاریی بە سەرجەم بەڕێوەبەرایەتی و یەکە سەربازییەکان دەرکردووە و بەپێی فەرمانەکە، ئەو ئەفسەر و کارمەندانەیان خانەنشین دەبن، کە یاسای ڕاژە و خانەنشینیی سەربازی ژمارە 3ـی ساڵی 2010 دەیانگرێتەوە.

ئاماژە بەوەشکراوە، لەبەر ڕۆشنایی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە 259 پشتبەست بە بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵیی ژمارە(212 اتحادیە/2022) لە 23/11/2022 تایبەت بە جێبەجێکردنی یاسای خانەنشینیی یەکگرتوو، ژمارە نۆی ساڵی 2014ـی هەموارکراو، ئاماژە بە ڕاپۆرتی تیمی هاوبەشی وردبینیی هەردوو دیوانی چاودێریی دارایی عێراق و هەرێم لە ڕۆژی 17/10/2023 تایبەت بە ئەنجامی چاودێری و وردبینیی ژمارەی فەرمانبەران و خانەنشین و سوودمەندانی چاودێریی کەمەڵایەتی لە هەرێم.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوەش هاتووە، وەزارەتی پێشمەرگە پشتبەست بە بڕیارەکانی وەزارەتی دارایی و ئابوری ئەم فەرمانە وەزاریەی بە سەرجەم بەڕێوەبەرایەتی و یەکە سەربازییەکان بەاوکردووەتەوە و بە پێی فەرمانەکە ئەفسەران و کارمەندانی وەزارەتی پێشمەرگە کە ئێستا خانەنشین دەبن بە پێی یاسای ڕاژە و خانەنشینیی سەربازی ژمارە 3ـی ساڵی 2010 خانەنشین دەکرێن، کە پاڵپشتە بە ماددەی 35 لە

بڼګې (سږیم/ب) لړ یاسای خانڼشینیی یڼکګرتوو ژمارې 9 ساړی 2014.